# قەزا کردنەوە
# و کەفارەت
# و فیدیەی ڕۆژوو

==========================================================

**ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەکان**

**ba8.org**

**walamakan.com**

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

## قەزاکردنەوەی مانگی ڕەمەزان:

بریتییە لە گرتنەوەی ڕۆژووی ئەو ڕۆژانەی ڕەمەزان کە نەگیراون بە هۆی ئەو بیانووە شەرعیانەوە کە شەرع قەزاکردنەوەی بۆ داناون .

جا ئەو کەسەی بە هۆی ئەو بیانووە شەرعیانەوە ڕۆژووی نەگرتبێ، ئەوە واجبە لەسەری لە دوای مانگی ڕەمەزان قەزایان بکاتەوە[1].

بەڵگەش بۆ ئەوە خودا فەرمانی پێکردووە :

﴿ وَمَن كَانَ مَرِيضًا أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ ﴾ البقرة: ١٨٥.

واتە: «ئەگەر کەسێك نەخۆش بوو، یان لەسەرفەدا بوو، ئەوە چەند ڕۆژی نەگرتووە لە ڕۆژەکانی دوای ڕەمەزان با بیگرێتەوە».

### ئەوانەی کە قەزاکردنەوەیان لەسەرە چوار کۆمەڵن

یەکەم: نەخۆشێك کە ئومێدی چاکبوونەوەی هەبێ.

دووەم: گەشتیار« موسافیر».

سێیەم: ئافرەتێك لە بێنوێژیدا بێ.

چوارەم: ئافرەتێك لە زەیستانیدا بێ.

---

(١)الروضة الندية شرح الدرر البهية – (ج ١ / ص ٢٢٨)

**قەزا كردنەوەی ڕۆژوو بەم شێوەیەیی لای خوارەوەیە:**

**جۆری یەكەم:**

هەموو ئەوانەی بەڕۆژوو نەبوون لەڕەمەزاندا ، پێویستە لەسەریان ئەوەندە ڕۆژە بگرنەوە كەنەیان گرتووە "بەبەڵگەی ئەم ئایەتە : ﴿فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ﴾ واتە: با لەڕۆژانی تردا بیگرێتەوە وقەزای بكاتەوە.

جا ئەگەر هەموو مانگی ڕەمەزانی نەگرتبوو ئەوا پێویستە هەموو مانگەكە بگرێتەوە ، وەهەروەها گەرمانگەكە سی ڕۆژ بوو ئەوا پێویستە سی ڕۆژ بگرێتەوە وبەهەمان شێوە گەرمانگەكە بیست ونۆ ڕۆژ بوو ئەوا تەنها پێویستە بیست ونۆ ڕۆژ بگرێتەوە ، بەڵام ئەگەر هەندێ لەمانگی ڕەمەزانی نەگرتبوو ئەوا ئەوەندە دەگرێتەوە كەتیایدا بەڕۆژوو نەبووە [1].

**جۆری دووەم :**

هەر كەسێك ڕۆژێك یاخود زیاتر لەمانگی ڕەمەزان بەبێ عوزر بەڕۆژوو نەبووبێت ، ئەوا پێویستە لەسەری تەوبە بكات ، وداوای لێ خۆش بوون بكات " چونكە بەئەنقەست بەڕۆژوو نەبوون تاوانێكی گەورەیە وەهەروەها ئەوەندە ڕۆژیش بەڕۆژوو بێت كەنەیگرتووە ، جا لەم حاڵەتەدا دەبێ یەكسەر قەزای بكاتەوە ونابێ دوای بخات لەسەر بۆچوونی دروستی زانایان " چونكە ئەو بەبێ

[1] مجالس شهر رمضان لابن عثيمين، ص٩٧.

عوزر بەڕۆژوو نەبووە ، وئەسڵیش وایە لەكاتی خۆیدا بەڕۆژوو بێت [١]"

بەبەڵگەی ئەو فەرموودەیەیی كە ئەبو هورەیرە لەبەسەر هاتی ئەو كەسەدا گێڕاویەتیەوە كەلەگەڵ خێزانیدا جیماعی كرد و تیایدا هاتووە : ((... **وصم يوماً ﴿أي مكانه﴾ واستغفر الله**[٢]))..

واتە: ڕۆژێك لەبری ئەو ڕۆژە بەڕۆژوو بە وداوای لێخۆش بوون لەخودا بكە.

جا ئەگەر ڕۆژوو شكاندنەكە بەهۆی جیماع كردنەوەوە بێت لەمانگی ڕەمەزاندا ، ئەوا پێویستە تەوبە بكات وداوای لێخۆش بوون بكات وئەو ڕۆژە بگرێتەوە وكەفارەتیش بدات ، هەروەك لەكەفارەتی جیماع كردن لەمانگی ڕەمەزاندا ئاماژەمان پیَ دا[٣] .

**جۆری سێیەم:**

دروستە لەقەزاكردنەوەی ڕەمەزاندا نێوان بخرێتە نێوان ڕۆژەكانەوە واتە : هەر جارەی ڕۆژێك یاخود زیاتر بگرێت تا تەواودەبێت "چونكە ئایەتەكە دەفەرموێت : ( **فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ**) سورة البقرة، الآية: ١٨٥.

واتە: با لەڕۆژانی تردا بیگرێتەوە وقەزای بكاتەوە.

---

[١] انظر: الإعلام بفوائد عمدة الأحكام، لابن الملقن، ٢٨٩/٥، و مجالس شهر رمضان، ص٩٦، ومجموع فتاوى ابن باز، ٣٣١/١٥ - ٣٣٦.

[٢] أبو داود، برقم ٢٣٩٣،وصححه الألباني في صحيح سنن أبي داود، ٦٧/٢، وأصل الحديث متفق عليه، وتقدم تخريجه في المفطرات.

[٣] متفق عليه:البخاري،برقم ١٩٣٦،ومسلم،برقم ١١١١

جا لێرەدا گرتنەوەی ڕۆژوو بەموتڵەقی هاتووە بۆیە دەتوانرێت ڕۆژە ڕۆژە ڕۆژووەکە بگێردرێتەوە [١]، بەڵام سوننەتە بەدوای یەکدا بیگردرێتەوە ، لەبەر ئەمانەی لای خوارەوە:

یەکەم : بەدوای یەکدا بەڕۆژوو بوون دەشوبێ بەڕۆژووی مانگی ڕەمەزان.

دووەم : زووتر ئەو قەرزەت لەسەر نامێنێت وئەو بارەت لەسەر شان لا دەچێت .

سێیەم : وباشتر وئیحتیات ترە " چونکە مرۆڤ نازانێ چی بەسەر دێ ، ڕەنگە ئەمڕۆ لەش ساغ بێت بەڵام سبەی نەخۆش بکەوێت ، ڕەنگە ئەمڕۆ لەژیاندا بێت بەڵام سبەی بمرێت " هەر بۆیە باشترە ڕۆژووەکە بەدوای یەکدا بگیرێت [٢]

**جۆری چوارەم :**

قەزا کردنەوەی ڕۆژوو یەکسەر دەبێ قەزا بکرێتەوە بەڵام واجب نی یە ، بەڵکو باشتر وایە زوو بیگێردرێتەوە ، چونکە هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێ دا ڕەنگە ڕێگرێك بێتە ڕێی ونەتوانێ ڕۆژووەکەی بگرێتەوە [٣]" جا بۆیە باش وایە ڕۆژوو زوو قەزا بکرێتەوە وبەدوای یەکدا قەزا بکرێتەوە بەڵام واجب نی یە .

---

[١] (انظر: الكافي لابن قدامة، ٢/٢٥١، والإعلام بفوائد عمدة الأحكام، لابن الملقن، ٥/٢٨٩.)

[٢] الشرح الممتع؛ لابن عثيمين، ٦/٤٤٦.

[٣] (انظر: الشرح الممتع لابن عثيمين ، ٦/٤٤٦.)

**جۆری پێنجەم :**

دروستە قەزاكردنەوەی ڕەمەزان دوا بخرێت تاوەكو مانگی شەعبان كەمانگێك پێش ڕەمەزان دەكات ، بەڵام دەبێ نییەتی ئەوەی هەبێ دەیگرێتەوە ، بەڵام ئەگەر دوای بخات و نییەتی جدی نەبێ لەگرتنەوەی ، ئەوا تۆمەت بار دەبێت لەسەر بۆجوونی ڕاستی زانایان و ئوسوڵیەكان [1].

**عائشة رضي الله عنها** ، دەڵێت : **((كان يكون عليَّ الصوم من رمضان فما أستطيع أن أقضيه إلا في شعبان)).**

واتە: من ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان قەرزدار دەبووم ونەم دەتوانی قەزای بكەمەوە تاوەكو مانگی شەعبان.

يحيى دەڵێت : لەبەر خەریك بوونی بەپێغەمبەرەوە صلى الله عليه وسلم نەیتونیوە ، وەلەگێڕانەوەی ئیمام مسلم دا هاتووە : **((إن كانت إحدانا لتفطر في زمان رسول الله ﷺ فما تقدر علي أن تقضيه مع رسول الله ﷺ حتى يأتي شعبان** [2].

---

[1] انظر: الإعلام بفوائد عمدة الأحكام، لابن الملقن، ٢٨٩/٥، والشرح الكبير مع المقنع والإنصاف، ٤٩٧/٧، [وهو في الإنصاف، ٤٩٧/٧]، والفروع لابن مفلح، ٦٢/٥ – ٦٣ .

[2] متفق عليه: البخاري، كتاب الصوم، بابٌ:متى يُقضى قضاء رمضان،برقم ١٩٥٠، ومسلم، كتاب الصيام، باب جواز تأخير قضاء رمضان ما لم يجئ رمضان آخر، لمن أفطر بعذر مرض، وسفر، وحيض، ونحو ذلك، برقم ١١٤٦.

واتە: یەکێك لەئێمە لەزەمانی پێغەمبەر ﷺ ڕەمەزاندا بەڕۆژو نەدەبوو ، ونەیدەتوانی بیگرێتەوە لەگەڵ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دا تاوەکو مانگی شەعبان دەهات.

**جۆری شەشەم :**

دروست نی یە بەبێ عوزر قەزاکردنەوەی ڕەمەزان دوا بخرێت بۆ ڕەمەزانی داهاتوو ، وەئەوەش بۆچوونی چوار پێشەواکەیە وەهەروەها بۆچوونی جمهوری زانایانی سەلەف وخەلەفە ئەوانەی کەپێیان وایە:

واجب نی یە یەکسەر دوای ڕەمەزان ڕۆژوو قەزا بکرێتەوە ، وەمەرج نی یە یەکسەر قەزا بکرێتەوە لەدوای ڕمەزان [١]" بەبەڵگەی ئەو قسەیەیی عائشە رچی الله عنها، کە دەڵێت :**(كان يكون عليَّ الصوم من رمضان فما أستطيع أن أقضيه إلا في شعبان)** [٢].

واتە: من ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان قەرزدار دەبووم ونەم دەتوانی قەزای بکەمەوە تاوەکو مانگی شەعبان.

جا هەروەك ئاماژەمان پێ دا دروست نی یە بەبێ عوزر قەزاکردنەوەی ڕەمەزان دوا بخرێت بۆ ڕەمەزانی داهاتوو " چونکە عائشە رضي الله عنها، دوای نەخستووە بۆ ئەو کاتە ، خۆ ئەگەر بکرایە دوای دەخست " وەهەروها چونکە

---

[١] الإعلام بفوائد عمدة الأحكام لابن الملقن، ٢٨٧/٥.

[٢] متفق عليه:البخاري،برقم ١٩٥٠،ومسلم،برقم ١١٤٦

ڕۆژوو عیبادەتێکە دوو بارە دەبێتەوە بۆیە نابێ یەکێکیان دوا بخرێت بۆ کاتی دووەم هەروەك نوێژە فەرزەکان دروست نی یە دوا بخرێن بۆکاتی نوێژی دوای خۆی [١]، جا ئەگەر دوای خست بۆ ڕەمەزانی دواتر ئەوا پێویستە ڕۆژووەکە قەزا بکاتەوە ، وبۆ هەرڕۆژێك خواردنی هەژارێك بدات ، هەروەك لە ابن عباس هاتووە [٢]

جا ئەگەر قەزا کردنەوەکەی دوا خست بۆ ڕەمەزانێکی تر بەبێ عوزر تاوەکو دوو ڕەمەزانی یاخود زیاتری بەسەردا هات ئەوا زیاد لەقەزا کردنەوە وگرتنی ڕۆژووەکەی لەسەر واجب نابێت " چونکە تاخیر کردن واناکات واجب زیاد بکات ، هەروەك چۆن حەج چەند ساڵێك دوا بخات زیاد لەکردارەکانی حەجی لەسەر پێویست نی یە [٣].

---

[١] (الشرح الكبير مع المقنع والإنصاف، ٤٩٩/٧،وكتاب الفروع لابن مفلح،٦٤/٥،)

[٢] .( أخرجه الدارقطني في سننه ، ١٩٧/٢ وأخرجه البيهقي، في الصيام، باب المفطر يمكنه أن يصوم ففرط حتى جاء رمضان آخر، ٢٥٣/٤)

[٣] المغني لابن قدامة ، ٤٠١/٤، والشرح الكبير مع المقنع والإنصاف، ٤٩٩/٧.

**جۆری حەوتەم:** دواخستنی قەزا کردنەوەی ڕۆژوو بۆ ڕەمەزانی داوتر بەهۆی عوزرەوە :

لەم حاڵەتەدا هیچ شتێکی لەسەر نی یە جگە لەقەزا کردنەوە ، **العلامة ابن مفلح رحمه الله** دەڵێت :((**ومن دام عذره بين الرمضانين فلم يقضِ ثم زال صام الشهر الذي أدركه ثم قضي ما فاته و لا يُطعم،نصَّ عليه**) [(١)]

واتە : هەرکەسێك عوزرەکەی بەردەوام بوو لەنێوان دوو ڕەمەزاندا وڕۆژووەکەی قەزا نەکردەوە پاشان عۆزەکەی لاچوو ونەما وئەو مانگەی گرتەوە کەبەسەریدا هاتووە پاشان ئەو ڕۆژووەی کەلەدەستی چوبوو قەزای کردەوە ئەوا هیچی لەسەر نی یە ، واتە : لەگەڵ گرتنەوەیڕۆژووەکەدا پێویست نی یە لەسەری خواردنی هەژارێك بدات بۆ هەرڕۆژێك کەلەدەستی چووە.

وەهەروەها هەر کەسێك لەڕەمەزاندا بەڕۆژوو نەبێت پاشان هەر نەتوانێت بیگرێتەوە تاوەکو دەمرت ئەوا لەو حاڵەتەدا ڕۆژووی لەسەر نی یە وبۆی قەزا ناکرێتەوە وەهەروەها خواردنیشی لەبری نادرێت [(٢)].

وە ابن قدامە رحمە الله دەڵێت : ((**من مات وعليه صيام من رمضان قبل إمكان الصيام: إما لضيق الوقت، أو لعذرٍ من: مرضٍ، أو سفرٍ، أو عجزٍ**

---

(١) كتاب الفروع لابن مفلح ،٦٥/٥،وانظر:مجموع فتاوى بن باز،٣٤٣/١٥ –٣٤٥.

(٢) الإعلام بفوائد عمدة الأحكام ، لابن الملقن، ٢٩٠/٥.

**عن الصوم فلا شيء عليه في قول أكثر أهل العلم ...﴿لأنه﴾ حق لله وجب بالشرع فمات من يجب عليه قبل إمكان فعله فسقط إلي غير بدلٍ كالحج.**[١]

واتە: هەر كەسێك بمرێت وەڕۆژووی ڕەمەزانی لەسەر بێت پێش ئەوەی قەزای بكاتەوە جا یان لەبەر كەمی كات یاخود لەبەر نەخۆشی ، یاخود سەفەر ، یاخود نەتوانین ، ئەوا هیچی لەسەر نی یە لەسەر بۆچوونی زۆربەی زانایان " چونكە مافی خودا بەشەرع واجب بووە ، وەئەو كەسەش مردووە كەڕۆژووەكەی لەسەر واجب بووە پێش ئەوەی بۆی بگونجێ بیگرێتەوە لەو كاتە ڕۆژووەكەی لەسەری نامێنێت و فیدیەشی لەسەر واجب نابێت وەك حەج.

**جۆری هەشتەم : قەزاكردنەوەی ڕۆژوو بۆ مردوو**

زانایان كۆڕان لە سەر ئەوەی كە ئەگەر كەسێك مرد و نوێژی لە دەست چوویی لە سەر بوو وەلییەكەی ( كەسوكاری ) لە جیاتی قەزای ناكاتەوە ، نەخۆی و نە جگە لە ویش ، هەروەها هەر كەس توانای ڕۆژووی نەبێ كەس ڕۆژوو ناگرێت لە جیاتیدا تا لە ژیاندا ما بێ بەڵكو بەرامبەر بە هەر ڕۆژێك نانی هەژارێك دەدات .

---

[١] الشرح الكبير مع المقنع والإنصاف،٧/٥٠٠،وانظر:مجموع فتاوى ابن باز، ١٥/٣٦٦- ٣٧٢.

بەڵام ئەو كەسەی بمرێت و ڕۆژووی نەزری لە سەر بێ وەلییەكەی لە جیاتی ڕۆژوو دەگرێت ، لە بەر ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر ﷺ كە تێیدا فەرموویەتی : " **مَنْ مَاتَ وَعَلَيْهِ صَوْمٌ صَامَ عَنْهُ وَلِيُّهُ** "[١].

واتە : هەر كەسی مرد و ڕۆژووی لە سەر بوو وەلییەكەی لەجیاتی ڕۆژوو دەگرێت .

وە لە ( **ابن عباس** ) ەوە ـ ڕەزای خوا لە خۆی و باوكیشی بێت ـ فەرموویەتی : " **جَاءَ رَجُلٌ إِلى النَّبِيِّ ﷺ فَقَالَ : يَا رَسُولَ اللهِ إِنَّ أُمِّي مَاتَتْ وَعَلَيْهَا صَوْمُ شَهْرٍ فَأَقْضِيهِ عَنْهَا ؟ قَالَ : نَعَمْ ، فَدَيْنُ اللهِ أَحَقُّ أَنْ يُقْضَى** "[٢].

واتە : پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ و فەرمووی : ئەی پێغەمبەری خوا ، دایكم مردووە و ڕۆژووی مانگێكی لە سەرە ، ئایا لە جیاتی قەزای بكەمەوە ؟ فەرمووی : بەڵێ قەرزی خوا لە پێشترە بۆ ئەوەی قەزا بكرێتەوە .

ئەم فەرموودە گشتیانە ئاشكران لەوەی كە ڕۆژوو گرتنی وەلی ( كەسوكار ) لە جیاتی مردوو ڕێی پێ دراوە بە هەموو جۆرەكانیەوە ، ئەمەش

---

[١] أخرجهُ البخاري : ( ٤ / ١٦٨ ) رقم : ( ١٩٥٢ ) ، ومسلم رقم : ( ١١٤٧ ) .

[٢] أخرجهُ البخاري : ( ٤ / ١٦٩ ) رقم : ( ١٩٥٣ ) ، ومسلم رقم : ( ١١٤٨ ) .

ووتەی هەندێکە لە شافعی مەزهەبەکان ، و بۆچوونی ( **ابن حزم** ) ە : ( ٧ / ٢ ، ٨ ) .

بەڵام ئەم فەرموودانە لەو فەرموودە گشتی‌یانەن کە تایبەت کراون ، کەواتە : هیچ وەلی یەك ڕۆژوو ناگرێت لە جیاتی مردوو جگە لە ڕۆژووی (**نەزر**) نەبێ ئەمەش ووتەی پێشەوا ( **أحمد** ) ە هەر وەکو چۆن لە ( **مسائل الإمام أحمد** ) دا هاتووە لە ڕیوایەتی ( **أبو داود** ) : ( ص ٩٦ ) : فەرموویەتی : (بیستم ( **أحمد بن حنبل** ) فەرمووی : ڕۆژوو ناگیرێت لە جیاتی مردوو جگە لە ڕۆژووی نەزر ( **صوم النذر** ) نەبێ ، ئیمامی ( **أبو داود** ) دەڵێ ووتم بە ( **أحمد** ) : ئەی مانگی ڕەمەزان ؟ فەرمووی : خواردن دەدرێ لە جیاتیدا ) .

ئەم بۆچوونەشە کە نەفس پێی ئارام دەبێ ، دڵیش پێی دەکرێتەوە ، سنگیش فێنك دەکاتەوە ، و فیقهی بەڵگەش ( **فقه الدليل** ) هەڵی دەبژێرێت ، چونکە ئەم بۆچوونە کار کردنی تیایە بە هەموو ئەو فەرموودانەی کە لەم بارەوە هاتوون ، بە بێ ڕەتکردنەوەی هیچ یەکێکیان لە گەڵ تێگەیشتنی ڕاست بۆیان ، بەتایبەتی یەکەمیان ، چونکە ( **عائشة** ) ـ ڕەزای خوای لێبێت ـ بەو ڕەهایی ( **مُطلق** ) یە لێی تێ نەگەیشت کە ڕۆژووی ڕەمەزان و جگە لەویش بگرێتەوە ، بەڵکو بۆ ئەوە دەچوو کە خواردن بدرێت و ئەمەشی لێ دەگێڕنەوە بەو بەڵگەیەی کە ( **عمرة** ) دەیگێڕێتەوە : (( کە دایکی مردوو هەندێ ڕۆژووی ڕەمەزانی لە سەر مابوو ، بە ( **عائشة** ) ی فەرموو : قەزای بکەمەوە لە

جیاتیدا ؟ فەرمووی : نەخێر ، بەڵکو بەرامبەر بە هەر ڕۆژێك نیو ( **صاع** ) بدە بە هەژارێك )) [(١)].

واش بڕیار دراوە کە ڕاوی فەرمووده ( واتە : ئـەو کەسـەی فەرموودەکـە دەگێڕێتەوە ) لە هەموو کەس شارەزاترە بە واتای ئەوەی کە دەیگێڕێتەوە .

( **حبر الأُمَّة** ) ە واتە : ( **ابـن عبـاس** ) یـش ـ ڕەزای خـوا لـە خـۆی و باوکیشی بێت ـ هەمان بۆچوونی هەیە و فەرموویەتی : ( ئەگەر مرۆڤ نـەخۆش کەوت لە ڕەمەزاندا ، پاشان مرد و ڕۆژووی نەگرت ، لە جیـاتی ئـەوە خـواردن دەدرێت و قەزای لە سەر نیە ، وە ئەگەر قەزای نەزر ( **صومُ النذر** ) ی لە سەر بوو وەلی‌یەکەی لەجیاتی ئەودا قەزای دەکاتەوە ) [(٢)].

ئەوەیش ئاشكرایە كە ( **ابن عباس** ) ـ ڕەزای خوا لە خـۆی و باوکیـشی بێـت ـ خـۆی ڕاوی فـەرموودەی دووەمـە ، بەتایبـەت کـە فەرموودەیـەکی گێڕاوەتەوە بەڵگەیە لە سەر ئەوەی وەلی لە جیاتی مردوو ڕۆژووی نەزر ( **صـومُ النذر** ) دەگرێت ، فەرموودەکەش : **" أنَّ سَعْدَ بنَ عُبَادَةَ ﷺ اسْتَفْتَى رَسُـولَ اللهِ ﷺ فَقَالَ : إنَّ أُمي مَاتَتْ وَعَلَيْها نَذْرٌ ؟ فَقَالَ : اقْضِهِ عَنْهَا "**[(٣)].

(١) أخرجهُ الطحاوي في ( مشكل الآثار ) : ( ٣ / ١٤٢ ) ، و ابن حزم في ( المحلى ) : ( ٧ / ٤ ) . واللفظ له . بسندٍ صحيح .

(٢) أخرجهُ أبو داود بسندٍ صحيح ، وابن حزم في ( المحلى ) : ( ٧ / ٧ ) وصحح إسنادهُ .

(٣) رواه البخاري ومسلم وغيرهما .

واتە : ( **سعد بن عبادة** ) ﷺ پرسیاری کرد لە پێغەمبەری خوا ﷺ و فەرمووی : دایکم مردووە و ڕۆژووی نەزری لە سەرە ؟ فەرمووی : لە جیاتی قەزای بکەرەوە .

ئەم لێك دانەوەش دەگونجێ لە گەڵ بنەواکانی شەریعەتدا هەر وەکو چۆن ( **العلامة ابن القيم** ) لە کتێبی ( **إعلام الموقعين** ) یدا ڕوونی کردۆتەوە ، وە زیاتر ڕونکردنەوە و توێژینەوەی ( **التوضيح و التحقيق** ) لەو بارەیەوە کردووە لە ( **تهذيب سنن أبي داود** ) دا : ( ٣ / ٢٧٩ - ٢٨٢ ) ، جا بۆی بگەڕێرەوە چونکە گرنگە .

**٤ -** ئەگەر کەسێك بمرێت و ڕۆژووی نەزری لە سەر بێ ، ئەوا ڕەوایە کۆمەڵێك پیاو ڕۆژوو بگرن بە ژمارەی ئەو ڕۆژانەی کە لە سەریەتی ، **حەسەنی بەصری** فەرموویەتی : ( ڕەوایە ئەگەر سی پیاو لە جیاتی کەسێك هەر یەکێك ڕۆژێك ڕۆژووی بۆ بگرێت )[1] .

سەبارەت بە خواردن ، ڕەوایە ئەگەر وەلیەکەی بە ژمارەی ئەو ڕۆژانەی کە لە سەریەتی هەژار کۆ بکاتەوە و تێر خواردنیان بکات ، هەر وەکو چۆن ( **أنس بن مالك** ) ﷺ ئەم کارەی ئەنجام داوە .

[1] أخرجهُ البخاري : ( ٤ / ١١٢ ) مُعَلَّقاً ، ووصلهُ الدارقطني في ( كتاب المُدَبَّج ) وصحَّحَ سندَهُ شيخُنا الألباني في ( مختصر صحيح البخاري ) : ( ١ / ٥٨ ) . وانظر : ( تغليق التعليق ) : ( ٣ / ١٨٩ ) .

**جۆری نۆیەم : قەزاکردنــەوەی ڕۆژووی ڕەمــەزان لــە پێــشترە تــاوەکو گرتنی ڕۆژوی سوننەت**

* پرسیار کراوە لە زانای پایەبەرز شێخ بن باز رحمە اللّٰه

ئایا دروستە رۆژووی شەوال بگرم لەکاتێکدا قەرزاری رەمەزانم؟

**لە وەڵامدا فەرمووی** : واجب ئەوەیــە قەرزەکــە بدەیتــەوە پــێش ئــەوەی شەوال بگریت، رۆژو نــەگریت مەگــەر دوای قەرزدانەوەکــەی رەمــەزان چــونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی:{**من صام رمضان ثم أتبعه بست من شوال**} جا ئەوەی رۆژوی قەرزی رەمەزانی لەسەر بێت ئەوا رەمەزانی نــەگرتووە بــەڵکو ماویەتی، بۆیە شەوال دوابەدوای رەمەزانە دەبێت تەواوی بکات پاشــان شــەوال بگرێت [١].

* وە پرسیار کراوە لە زانای پایەبەرز شێخ ئەلبانی رحمە اللّٰه

پرسیار: ئایــا مەرجــە هــەتا قــەرزی رۆژوی رەمــەزان نەدەیتــەوە نابێــت سوننەتی شەوال بگریت؟

**لە وەڵامدا فەرمووی** : بەڵێ مەرجە چونکە فەرز لــە پــێش ســوننەتەوەیە، لەبەر ئەوەی مــرۆڤ رۆحــی خــۆی بەدەســت نیــە دوور نیــە ئەجــەلی بێــت ئــەو لەحاڵێکی خراپدا بێت کــە رۆژوی فــەرزی رەمــەزانی مــاوەو کەچــی خــەریکی سوننەتە وبەو هۆیەوە لەسەرپێچیدایە، چــونکە ئــەو قــەرزەی کــە لەســەریەتی نەیداوەتەوە کە رۆژوی فەرزی رەمەزانە. [٢]

---

[١] فتاوی نور علی الدرب/ شریط رقم: (٩١٨)

[٢] سلسلة الهدي والنور/ شريط رقم: (٧٥٣)

* وە پرسیار كراوە لە زانای پایەبەرز شێخ عوسەیمین رحمە اللە [1]

ئایا ئەگەر كەسێك سوننەتی شەوال بگرێت پێش دانەوەی قەرزی رەمەزان ئایا سوودی هەیە و شوێنی شەش رۆژی شەوال دەگرێتەوە؟

**لە وەڵامدا فەرمووی** : نەخێر، سوودی پێ ناگەیەنێت چونكە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی :{**من صام رمضان ثم أتبعه بست من شوال**}. {**من صام رمضان** }وە ئاشكرایشە ئەوەی رۆژی رەمەزانی لەسەر مابێت پێی ناوترێت رەمەزانی تەواوكردووە، بۆ نموونە ئەگەر دە رۆژی رەمەزانی نەگرتبێت ئەوا پێی دەوترێت رەمەزانی گرتووە؟ هەربۆیە سەرەتا قەرزەكە دەداتەوە پاشان شەش رۆژی سوننەتی شەوال دەگرێت، جا ئەوەی سەرەتا شەشی شەوال بگرێت پێش فەرزی رەمەزان ئەو پاداشتەی دەست ناكەوێت كە پێغەمبەری خوا روونی كردۆتەوە لەم فەرموودەیەدا: {**من صام رمضان ثم أتبعه بست من شوال فكأنما صام الدهر**} **رواه مسلم.**

* وە زانای پایەبەرز شێخ مقبل بن هادی الوادعی رحمە اللە سەبارەت بەم باسە بۆچونی جیاوازە و دەفەرموێ[2] :

ئەگەر لەتوانای هەبێ ئەو رۆژانەی كە قەرزارە بیگرێتەوە و پاشان شەشەڵان بگرێ بەدوایدا ئەوا كارێكی باشتر و چاكترە ٠

(١) فتاوي الحرم المكي/١٤١٠/شريط٧

(٢) شريط : ( أسئلة من المهرة )

بەڵام گەر نەیتوانی قەرزەكان بگرێتەوە و دەتوانێ شەشەڵان بگرێ كە پەیامبەری خوا لەبارەیەوە فەرمویەتی : "هەر كەس ڕەمەزان بگرێ و پاشان بەدوایدا شەشەڵان بگرێ وەك ئەوە وایە هەمو ساڵەكە بە ڕۆژوو بوبێت٠ "

بۆیە واش دەڵێین لەبەر ئەوەی كاتی قەزاكردنەوە كاتێكی فراوانە و وەك شەشەڵان نیە كە كاتەكەی تەنها لە مانگی شەوالدایە و هیچ كاتێكی تری نیە٠

وە سەبارەت بە كاتی قەزاكردنەوە لە عایشەوە دەگێرنەوە كە فەرمویەتی :

"من ڕۆژوی قەرزم نەدەگێڕایەوە مەگەر لە مانگی شەعبانی ساڵی داهاتودا نەبێ لەبەر سەرقاڵیم بە پەیامبەری خواوە ﷺ"

**كەواتە** هەر كەسێك دەتوانێت و فریا دەكەوێت سەرەتا قەرزەكان بگرێتەوە ، و پاشان شەشەڵانەكەش بگرێت باشترە ، بەڵام ئەگەر نەیتوانی و فریا نەكەوت بە تایبەتی ئافرەتان كە توشی سوڕی مانگانە دەبن ئەوا بە پێی ئەم فەتوایەی شێخ دەتوانن سەرەتا شەشەڵانەكە بگرن ، پاشان لە كاتێكی تردا قەزای ڕۆژووەكان بكەنەوە .

## كەفارەتی ئەو كەسەی كە لەگەڵ خێزانی جووت دەبێ :

١- ( **أبو هريرة** ) ﷺ دەربارەی ئەو پیاوەی كە لە نیوەڕۆی ڕەمەزاندا لەگەڵ خێزانەكەی دا جووت بوو بوو لە پێشدا باس كرا كە چۆن قەزاكردنەوە و كەفارەتی لە سەرە ، ئەوەیش : ڕزگار كردنی كۆیلەیەكە ، ئەگەر دەستی نەكەوت ڕۆژووگرتنی دوو مانگی لە سەریەك ، ئەگەر نەیتوانی خواردن پێدانی شەست هەژار .

وە ووتراوە : كە كەفارەتی جووت بوون بە هەڵبژاردنە ( **التخيير** ) نەك بە لەدوا یەك ( **الترتيب** ) ، بەڵام ئەوانەی ڕیوایەتی لە دوای یەك دەگێڕنەوە زۆر ترن و ڕیوایەتەكەیان هەڵبژاردەتر ( **أرجح** ) ە ، چونكە ژمارەیان زیاترە ، و زیادەی زانستیان پێ یە . لە كاتێكدا كۆ ڕان لە سەر ئەوەی كە جووت بوون ڕۆژوو بەتاڵ كەرەوەیە ، كە چی ئەمە ڕوی نەدا لە ڕیوایەتەكانی تردا ، ئەو كەسەش كە زانستی پێ بێ بەڵگەیە لە سەر ئەوەی كە زانستنی پێ نی یە ، هەروەها لەو هۆكارانەی كە تەرجیحی لە دوای یەكەكە ( **الترتيب** ) دەدەن ئەوەیە كە ئەمەیان باشترە ، وە لە بەر ئەوەی كە كار پێكردنی بەتاڵ نییە ئەگەر بڵێین بە هەڵبژاردنە یان نە ، بە پێچەوانەی دژەكەی .

**٢** ـ ئەو كەسەی كەفارەتدان بیگرێتەوە و توانای نەبێ بە سەر ڕزگار كردن و ڕۆژوو و خواردندا كەفارەتەكەی لە سەر دەكەوێ ، چونكە داواكاری ( واتە : **التكليف** ) بەستراوە بە تواناوە ، خوای پایە بەرز فەرموویەتی : ﴿ **لاَ**

**يُكَلِّفُ اللّهُ نَفْسًا إِلاَّ وُسْعَهَا** ﴾ [البقرة : ٢٨٣] ، وە بە بەڵگەی كرداری پێغەمبەر ﷺ كە كەفارەتی لە سەر پیاوەكە لادا كاتێ دەست كورتی خۆی پێ ڕاگەیانـد ، وە سەبەتەیەك خورمای پێ بەخشی بۆ ئەوەی بە خواردنی خێزانەكەی بدات .

**٣-** وە هـیچ كـەفارەتێك ئـافرەت ناگرێتـەوە ، چـونكە پێغەمبـەر ﷺ كردەوەیەكی پێ ڕاگەیەنرا ڕوویدا بوو لە نێوان پیاوەكە و خێزانەكەیدا ، دەبینین پێغەمبەر ﷺ یەك كەفارەت زیاتری پێویست نەكرد . خواش زاناترە .

* * * * * *

# فیدیەدان

**ئەوانەی تەنها فیدیەیان لەسەرەو، قەزایان لەسەر نییە.**

ئەمانەش پێنج کۆمەڵن خەڵکن:

یەکەم و دووەم : پیرەمێرد و پیرەژن.

سێیەم و چوارەم : ئافرەتی حامیلە و ئافرەتی شیردەر .

پێنجەم: نەخۆشی بەردەوام.

**یەکەمو دووەم : پیـــرەمێـــردو پیـــرەژن:**

پیاوی پیرو ئافرەتی پیری ئەگەر گرتنی ڕۆژووی ڕەمەزان گرانو ناڕەحەت بوو لەسەریان و نەیان توانی بیگرن، ئەوە بۆیان دروستە بەڕۆژوو نەبنو لە بری هەر ڕۆژێك خواردنی ژەمێك بدەن بە هەژارێك.

**سێیەمو چوارەم : ئافرەتی حامیلەو ئافرەتی شیردەر:**

ئەو ئافرەتانەی حەملیان هەیە یان شیر دەدەنە منداڵەکانیان ئەگەر هاتوو ڕۆژووگرتن مەترسی و زیانی هەبوو بۆیان ، یان بۆ منداڵەکانیان ، ئەوە بۆیان دروستە بە ڕۆژوو نەبن ، بەڵام ئەگەر مەترسی نەبوو بۆ خۆیان و منداڵیان و توانایان هەبوو ئەوە واجبە لەسەریان بە ڕۆژوو بن .

**جا هەر کاتێك بەهۆی مەترسی گیانی خۆیان یان منداڵیان ڕۆژیەکەیان شکان ، ئەوا سێ جۆر بۆ چوون هەیە لە نێو زانایان .**

١- هەندێكیان دەڵێن تەنها فیدیە دەدەن گرتنەوەیان بۆ نیە: بەبەڵگەی ئەم فەرموودانە، عبدالله ی كوڕی عباس (ڕەزای خوای گەورەی لێبێت) ، دەڵێت : **(إذا خافتِ الحاملُ على نفسها ، والمرضعُ على ولدها في رمضان قال : يُفطرانِ ، ويُطعمانِ مكانَ كُلِّ يوم مسكيناً ، ولا يقضيانِ صوماً)** [1].

واتە: هەر كاتێك ئافرەتی حامیلە ترسا لە نەفسی خۆی ، وە ئافرەتی شیردەر ترسا لە منداڵەی لە مانگی ڕەمەزاندا ، ئەوە ڕۆژووەكەیان دەشكێنن ، وە خواردن دەدەن بە فەقیر لە جیاتی گشت ڕۆژێكیان(واتە: بەرامبەر هەر ڕۆژێك دەبێت فەقیرێك تێر بكەن) وە گرتنەوەیان بۆ نیە .

وە عبدالله ی كوڕی عباس و عبدالله ی كوڕی عومەر دەڵێن: **(الحاملُ والمرضعُ تُفطرُ ولا تقضي)** [2]. واتە: ئافرەتی حامیلە و شیردەر ئەگەر مەترسیان هەبوو ڕۆژیان دەشكێنن و نایگرنەوە (تەنها دانی خواردنیان لەسەر)

٢- وە هەندێك لە زانیان دەڵێن تەنها گێڕانەوەیان لەسەرە: دەڵێن چونكە حوكمی ئەم جۆرە ئافرەتانە وەكو حوكمی كەسی نەخۆش وایە ، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَن كَانَ مَرِيضًا أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ﴾

دەڵێن خوای گەورە لەم ئایەتە پیرۆزەدا تەنها باسی گرتنەوەی كردووە باسی دانی خواردنی نەكردووە[3].

---

(١) صحيح علي شرط مسلم ، (الارواء): ٤/ ١٩.

(٢) صححه الألباني في إرواء الغليل : ٤/ ٢٠ .

(٣) فتاوي اللجنة الدائمة : ١٠/ ٢٢٠ .

٣- وە هەندێك لە زانایان دەڵێن: ئەگەر لەبەر مەترسی منداڵەكەی ڕۆژووەكەی بشكێنێت ئەوە دەبێت لەگەڵ گرتنەوەی ڕۆژووەكەی خواردنیش بدات ، بەڵام ئەگەر لەبەر مەترسی خۆی بێت تەنها گێڕانەوەی لەسەرە .(١)

**تێبینی** : ئافرەتان كردەوە بەكام یەكێك لەم بۆچونانە بكەن بۆیان دروستە إن شاء الله .(٢)

**كۆمەڵی پێنجەم : نەخـۆشی بـەردەوام**

ئەگەر كەسێك نەخۆش بێ و ئومێدی چاكبوونەوەی نەبێ، واتە نەخۆشیەكی درێژخایەن بێو نەتوانێ بەڕۆژوو بێ یان ڕۆژووگرتن زەرەری بۆی هەبێ، ئەویش بە هەمان شێوە دروستە بۆی بەڕۆژوو نەبێو فیدیە بدات، واتە حوكمی وەكو پیرەمێردو پیرەژنە، لەمەشدا زانایانو شەرعناسان یەكدەنگن(٣).

بەڵگەش بۆ ئەوە خودا دەفەرمووێ:

﴿ لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفۡسًا إِلَّا وُسۡعَهَاۚ ﴾ البقرة: ٢٨٦.

واتە: «خودا تەكلیف لە هیچ كەس ناكات تەنها بە ئەندازەی توانای خۆی نەبێت».

---

(١) مجموع فتاوي ورسائل ابن عثيمين : ١٩/ ١٦٤.

(٢) مامۆستا عدنان بارام .

(٣) رد المختار- (٢/ ١١٩)، المجموع-(٦/ ٢٥٨)، الروض المربع-(١/ ١٣٨).

## ئایا دروستە پارە بدرێت بە فیدیەی ڕۆژوو لە جیاتی خواردن؟

ئەو كەسانەی كە شەرع مۆڵەتی پێداون ڕۆژوو نەگرن‌و، فیدیەی بۆ داناون، واجبە لەسەریان بۆ هەر ڕۆژێك خواردنی ژەمێك بدەن بە هەژارێك.

**بەڵگەش بۆ ئەوە:**

خودا دەفەمووێ: ﴿ وَعَلَى ٱلَّذِينَ يُطِيقُونَهُۥ فِدۡيَةٞ طَعَامُ مِسۡكِينٖۖ ﴾ .

واتە: ((ئەوكەسانەش كە نەخۆش نین و لە سەفەردا نین، ڕۆژوویان پێ ئەگیرێت بەڵاّم بەزەحمەت‌و ناڕەحەتیەكی زۆر، ئەوە پێویستە لە باتی هەر ڕۆژەی لە ڕۆژووەكە، خواردنی ژەمێك بدەن بە هەژارێك)).

ئەوەی كە لە ئایەتەكەدا دیاری كراوەو خودای گەورە كردوویەتی بە فیدیە بریتیە لە خواردن﴿ فِدۡيَةٞ طَعَامُ ﴾. وە پێغەمبەریشﷺ بۆ فیدیەدان خواردنی داوە بە هەژاران‌و، سەلەف‌و پێشینی ئەو ئوممەتەش هەروایان كردووە.

بۆیە دروست نییە لە جیاتی ئەو خواردنە پارەبدرێت، چونكە پێچەوانەی فەرمانی خوای پەروەردگارو گفتارو كرداری پێغەمبەری خواﷺو صەحابەیە[١]

(١)مجموع الفتاوى - (ج ٢٥ / ص ٧٣)

**بڕی ئەو خواردنە چەندە کە دەدرێت بە فەقیر بۆ فدیەی ڕۆژوو؟**

وەکو وتمان پێویستە بۆ هەر ڕۆژێك خواردنی ژەمێك بدەن بە هەژارێك، ئەو خواردنەش کەدەدرێت بەو فەقیرە پێویستە لەو خواردنە بێ کە خواردنی زۆربەی خەڵکی ئەو ناوچەیە، وە ئەندازەکەیشی نیو (صاعە)، وە صاعێکیش دوو کیلۆ نیو(٢٥٠٠غرام) دەکات بە پێوەری ئێستا.. بۆ نمونە لەم سەردەمەی ئێستای کوردستاندا زۆرترین خواردنێك کە زۆربەی خەڵك دەیخۆن (برنجە)، بۆیە ئەو کەسەش دەتوانێ بۆ هەر ڕۆژێك یەك کیلۆ و نیو برنج بدات بە فیدیە.

یان دەتوانێ خواردن دروست بکاتو بە یەکجار (٣٠)کەسی هەژار بانگ بکاتو نانیان بداتێ.

✍وەکو «**أَيُّوبَ** »کوڕی« **أَبِي تَمِيمَةَ** » دەفەرمووێ:

**«ضَعُفَ أَنَسٌ ، رَضِيَ اللهُ عَنْهُ ، عَنِ الصَّوْمِ فَصَنَعَ جَفْنَةً مِنْ ثَرِيدٍ ، فَدَعَا ثَلاَثِينَ مِسْكِينًا فَأَطْعَمَهُمْ» .**

واتە: «ئەنەسی کوڕی مالیك سالێك لە ساڵەکانی تەمەنی نەیتوانی ڕۆژوو بگرێت، بۆیە مونجەڵێکی گەورەی لە تریت دروستکردو سی هەژار بۆ ئەو خواردنە بانگ کردوو خواردنی پێدان»[1] .

---

(١) مسند أبي يعلى الموصلي – أبو عمران الجوني حديث : ٤٠٨٣.المطالب العالية للحافظ ابن حجر العسقلاني – كتاب الصوم باب الرخصة في الفطر للشيخ الكبير – حديث : ١٠٩١.سنن الدارقطني – كتاب الصيام باب طلوع الشمس بعد الإفطار – حديث : ٢٠٩٧.

**ئەگەر كەسێك زۆر فەقیر بوو توانای نەبوو فیدیە بدات حوكمی چیە؟**

ئەگەر كەسێك لەبەر هەژاریو بێ توانایی، توانای فیدیە دانی نەبوو،وە لەو كەسانەش بوو كە نەیدەتوانی بەڕۆژوو بێ، وەكو ئەوەی ئەمڕۆ دەبینرێ پیرەژنو پیرەمێرد یان كەسانێك گیرۆدەی نەخۆشیەكی سەختنو خۆیان زەكاتیان پێ دەدرێت: ئەوە نە ڕۆژوویان لەسەر و نە فیدیە.

**بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە :**

خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿ **لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَاۚ** ﴾ البقرة: ٢٨٦.

واتە:«خودا تەكلیف لە هیچ كەس ناكات تەنها بە ئەندازەی توانای خۆی نەبێت».

وە هەروەها «**أَبُوهُرَيْرَةَ**» دەیگێڕێتەوەو دەفەرمووێ:

ئێمە لە خزمەتی پێغەمبەرداﷺ دانیشتبووین، لە پڕ پیاوێك هاتو وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ڕەنجەڕۆ بووم.

پێغەمبەر ﷺ فەرمووێ: «**وَمَا شَأْنُكَ؟**» واتە: « چیت بەسەرهاتووە؟»

وتی: لە ڕۆژانی ڕەمەزاندا لەگەڵ خێزانم جووت بووم.

پێغەمبەر ﷺ فەرمووێ:« **فَهَلْ تَسْتَطِيعُ تُعْتِقُ رَقَبَةً؟**» واتە: « ئەتوانی لە كەفارەتی ئەو ئیشەدا كۆیلەیەك ئازادبكەی»؟

وتی: نەخێر.

پێغەمبەرﷺ فەرمووێ: « **فَهَلْ تَسْتَطِيعُ أَنْ تَصُومَ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ؟**»

واتە: « ئەی ئەتوانی دوومانگ لەسەر یەكو بێ بچڕاند بە ڕۆژوو بی»؟ وتی: نەخێر.

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: « **فَهَلْ تَسْتَطِيعُ أَنْ تُطْعِمَ سِتِّينَ مِسْكِينًا**؟ » واتە:«ئەی ئەتوانی خواردنی شەست فەقیر بدەی»؟

وتی نەخێر.

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: « **اجْلِسْ** » واتە: « دانیشە ».

ئەویش دانیشت، لەو كاتەدا زەمیلەكی گەورە خورمایان هێنا بۆ پێغەمبەرﷺ.

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی:« **خُذْ هَذَا فَتَصَدَّقْ بِهِ**» واتە: « دەبڕۆ ئەم زەمیلە خورمایە بیكە بە خێرو بیبەخشە بەناو هەژارەكانی شاری مەدینەدا ».

ئەویش وتی: بیدەم بە ماڵێك لە خۆم هەژارتر! لە شاری مەدینەدا لە ئێمە هەژارتری تێدا نییە.

پێغەمبەر ﷺ پێكەنی هەتا ددانەكانی دەركەوتن پێی فەرموو:« **أَطْعِمْهُ عِيَالَكَ**» واتە: « دەبڕۆ بیدە بە ماڵو منداڵەكەت بابیخۆن »[١].

كەوابوو ئەگەر كەسێك ئەوەندە هەژاروو دەستكورت بوو نەیتوانی فیدیە بدات، ئەوە لەسەری واجب نییە[٢].

---

(١)صحيح البخاري –كتاب كفارات الأيمان– باب قوله تعالى : قد فرض الله لكم تحلة أيمانكم – حديث : ٦٣٤١، وباب يعطي في الكفارة عشرة مساكين – حديث : ٦٣٤٣. صحيح مسلم –كتاب الصيام– باب تغليظ تحريم الجماع في نهار رمضان على الصائم – حديث : ١٩٣٥

(٢)صحيح ابن خزيمة – (ج ٣ / ص ٢٢٠). « باب الدليل على أن المجامع في رمضان إذا ملك ما يطعم ستين مسكينا و لم يملك معه قوت نفسه وعياله لم تجب عليه الكفارة »

## پوختەی ئەم باسە سەبارەت بە قەزا كردنەوە و كەفارەت و فیدیە

**جۆری یەكەم : ئەوانەی كە تەنها قەزاكردنەوەیان لەسەرە**

ئەمانەش چوار كۆمەڵن :

یەكەم: نەخۆشێك كە ئومێدی چاكبوونەوەی هەبێ.

دووەم: گەشتیار« موسافیر ».

سێیەم: ئافرەتێك لە بێنوێژیدا بێ.

چوارەم: ئافرەتێك لە زەیستانیدا بێ.

**جۆری دووەم : ئەوانەی كە قەزا كردنەوەی و كەفارەتیان لەسەرە :**

پیاوێكی بەڕۆژوو لە ڕۆژی ڕەمەزاندا جووت دەبێ لەگەڵ خێزانەكەی .

**جۆری سێیەم : ئەوانەی تەنها فیدیەیان لەسەرەو، قەزایان لەسەر نییە.**

ئەمانەش پێنج كۆمەڵن خەڵكن:

یەكەم: پیرەمێرد .

دووەم: پیرەژن.

سێیەم: ئافرەتی حامیلە..

چوارەم: ئافرەتی شیردەر .

پێنجەم: نەخۆشی بەردەوام.